# ڕامیار یاسین و بەمۆ کەمال دوو قوربانی ئیهمالی شارەوانی سلێمانین....

ڕۆژی چوار شەممە بەرواری 23 /2005/02 ڕامیار یاسین و بەمۆ کەمال کە دوو قوتابی پۆلی پێنجەمی سەرەتایین، لە کاتی چونیاندا بۆ قوتابخانە کەوتنە ناو چاڵە زێرابێکەوەو هەردووکیان خنکان. بەپێی هەواڵێك کە لە لایەن یەکێك لە هەڵسوڕوانی سەنتەری منالانەوە لە سلێمانی بەدەستمان گەیشتووە ، لە گەڕەکی "سەروەری" شاری سلیمانی ، لە لایەن شارەوانی سلێمانییەوە چەندین چاڵی زێراب هەڵکەندراون ، ئەم چالانە کە و قوڵ و پڕ لە ئاون ، "ڕمیار و بەمۆ" خلیسکاون و کەوتونەتە ناو یەکێك لە چاڵەکانی شارەوانییەوەو خنکاون.

هۆی گیان لەدەستدانی ڕامیارو بەمۆ ، بۆ گوێنەدان و کەم تەرخەمی بەرپرسی شارەوانی سلێمانی دەگەڕێتەوە ، ئەوان بەرپرسن لە گیان لەدەستدانی ئەو دوو منالە. ئەوان کە لەو جێگایە کە خەریکی هەڵکەندنی چاڵە زێرابەکان دەبو ڕێگایەکی گونجاوی تر ئامادە بکەن بۆ پەرینەوەی منالەکان بۆ قوتابخانە بۆ بەری جادەی شەستی. شایانی باسە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا شارەکانی کوردستان ، بە تایبەتیش شاری سلێمانی و هەولێر، نموونەی ئەو شارانەن کە چەندین کارەساتی دڵتەزێن تیایاندا ڕوویان داوەو چەندین منالٚ گیانیان لەدەست داوە. جارێك بە هۆی توندوو تیژی ناو خێزان و لێدان لە منالٚ ، یان کاریگەری خراپ و تارمایی مەزهەب بەسەر منالاندا لە لایەن حوجرەو مزگەوتەکانەوە و بە هۆکاری بەکارهێنانی منالان لە لایەن چەندین دەستەو گرووپی ئیسلامی یەوە پاشان تێك چوونی باری دەرونیان، یانیش جارێکی تر بە هۆی هەل و مەرجی خوێندنگاکان و مامەڵەی خراپ و نامرۆڤانەی بەرپرسانی دام و دەزگای پەروەردەو بەڕێوەبەرەکانەوە.

هۆکاری سەرەکی هەم و ئەم ڕووداوە دڵتەزێنانەش بۆ دەسەلاتدارانی هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر کە" یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان" ن دەگەڕێتەوە ، ئەوان کە دەسەلاتی شاریان بەدەستەو خۆیان بە (حکومەتی خەڵکی کوردستان ..!!) ناو دەبەن و تەنانەت بەرپرسن لە نان دان و نان بڕینی خەلك ، دەبیٚ بەرپرس بکرێن لە پاراستنی ژیان و ئەمنیەتی خەڵکی و بە تایبەتیش منالان ، کە ئەوان ئەو ئینسانە بچوکانەی کۆمەڵگان و خۆیان بە هۆی کەمی تەمەن و بچوکیانەوە توانای بەرگری کردن لە خۆیانیان نیەو ، ئەوە ئەرکی گەورەکانە کە دەبیٚ پشتیوانیان لیٚ بکەن و بەرگری لە مافەکانیان بکەن.

ئێمە لە سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان وێڕای دەربڕینی دڵتەنگی و نیگەرانیمان لە کارەساتی گیان لە دەستدانی ئەم دوومنالە ئازیزەو بەشداریمان لە خەمو پەژارەی کەس و کارو ئازیزانیان و منالە هاوپۆلەکانیان لە قوتابخانە. لە هەمان کاتدا لەبەرامبەر گوێنەدانی شارەوانی سلێمانی لەپاراستنی ئەمنیەتی ژیانی منالان ، نارەزایەتی دەردەبڕین و بەرپرسیان دەکەین لە هۆی گیان لە دەستدانی "ڕامیارو بەمۆ" .

**شێرزاد فاتح**

**سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان**

سیٚ شەممە 1 ی مارسی 2005

تەلەفۆن : 0046 73 57 15 449

www.santarimnalan.com